ژمارە ١٢
نیسانی ٢٠٠٨

# کەسایەتی و پەیوەندیەکانی بێوەمێرد (بێوەژن)

## (کۆمەڵگەی کوردەواری بە نموونە)

"توێژینەوەیەکی سۆسیۆخێزانیە"



ئا: ستار باقی کەریم

لـە کۆمەڵگــە رۆژهەڵاتیەکان بەگشــتی‌وکورد بەتایبەتــی، پێکهێنانــی خێزان‌و دروســتکردنی ژیانی هاوسەرگیری بێویست‌و ئیرادەی رەگەزەکەی تر(مێ) دابەشــکراوە، بۆ ئەوەشیان بەردەوام پیاو رۆڵی شــێر دەگێڕێــت‌و ژنانیش دەبنــە نێچیر، ئەم دابەشــکردنەش بــە سروشــتی خۆی کەســایەتی هــەردوولا دیاریدەکات، بۆ نموونــە ژنان دەکەونە واری چاوەروانیکردن‌و پیاوانیش بە پێچەوانەوە. دەکرێت لەخۆمان بپرســین ئایا کەســایەتی مرۆڤ چــی بەســەردێت کاتێ لــە چاوەروانــی دابێت؟! ئەوە تەنها پرســیارێکەو بەس، بــەلام ئاخۆ ژنان لەساتی چاوەروانیکردن بە هەردوو بارودۆخەکەی چاوەروانیکردنیــان، واتــە پێش هاوســەرگیری‌و دواتریش جیابوونەوە لە هاوسەرگیری بە هەردوو جۆرەکەی (تەلاق) هەســت بەچی دەکەن؟ بۆ ئەم مەبەستە لە نێو کوردان پەندێك یا قسەیەك باوە دەڵێت ژنان یا کچان تا ( قووقەی کەڵەشێری شەوان چــاو لەرێن) واتە بۆ شــووکردن. بــەردەوام ئەو ژنەی بێوەمێرد (بێوەژن)ە لە پرســیار دەترسێت، بەتایبــەت ئــەوەی پەیوەندیــدارە بــە هــۆکاری جیابوونەوەی، بۆیە دڵەراوکێ‌و نیگەرانی بەشێکی هەرە زۆری دەروون‌و کەســایەتی ئەم جۆرە ژنانە پێکدەهێنێت، لە هەمانکاتیشدا گومان دەبەن لەوەی خەڵك پرســیاریان لەم بارەوە لێدەکەن، یاخود نا، هەروەها لەم کاتەشدا پەیوەندیەکانیان سنووردار دەکەن بەتایبەت لەگەڵ ئەو کەسانەش هاورێتی‌و دۆســتایەتی دەکــەن کــە یەکەمجار پرســیاریان لێکردوون؟! چونکە دڵنیایە ئەو کەسەی یەکەمجار پرسیاری کەسی (شەخســی) لێکردوە جارێکی تر ئەم پرسیارەی لێناکاتەوە، بەلام دەشێت پرسیاری تری لێبکات. بۆیە پەیوەندیەکانی پتر لەگەڵ ئەو کەســانە گرێدەدات کــە بە نهێنی‌و کەســایەتی‌و ژیانی لەمەوبەرو ئێستای ئاگادارن.

ناشێت نکۆلیش لەوە بکەین ژنانی بێوەمێرد، هــەردەم گومــان‌و چاوەروانیــان لــە یەککاتــدا هەیــە، چونکــە خۆیــان کۆمەڵگــە بــە فاکتەری ســەرەکی کێشــەکەیان دەزانن، لە هەمانکاتیشــدا واهەســتدەکەن کــە ئــەوان بەهەرجۆرێــك بێت خاوەن مافن‌و کەســی بەرامبــەر واتە رەگەزی نێر گوناهبارە، دیارە ســەرچاوەی هەموو ئەوشتانەش کۆمەڵگەی کــوردەواری خۆیەتی، چونکە (دەروون ئاوێنــەی کۆمەڵگەیــە، یا بــە دەســتەواژەیەکی تــر دەروونی تــۆ زایەڵەی ئەو بــیرو بۆچوونەیە کــە خەڵك لەبارەی تــۆوە هەیانــە، هەروەها ئەو رۆڵەی کە لەژیانی کۆمەلایەتیدا پێیدەبەخشن)[١] . بێگومــان مرۆڤ ناشــێت خۆی لە تــەواوی رێ‌و شــوێنە کۆمەلایەتیــەکان بێبــەری بــکات‌و ئەو شتانەی پێویستە لەکۆمەڵگە بیگرێتەبەر، چونکە مــرۆڤ بەشــی هــەرە زۆری ژیــان‌و کارکردنی بۆ ئەوەیە کەســانی کۆمەڵگەکــەی رازی بکات‌و پێی بڵێن ژنێکی رووســوورو خاوەن رەوشتێکی بەرزە، بۆیــە مرۆڤ لــەو کاتە دەبێت خــۆی بگونجێنێت، خۆگونجاندنیــش پێویســتی بــە قوربانیدانــە، قوربانیدانــی مرۆڤیش بۆ کۆمەڵگە خۆی لە رازی بوون بــە زۆرینەی هەرە زۆری رێ‌و شــوێنەکانی کــە کۆمەڵگــە بــۆی دیــاری دەکات دەبینێتەوە. بەهێزتریــن قوربانیدانی ژنــی بێوەمێرد خۆی لە بێدەنگ بوون‌و خۆخواردنەوە، لە هەمانکاتیشــدا گۆشەگیر بوون دەبینێتەوە. (تەلاقدان دەبێتەهۆی ئەوەی ئەو کەســانەی دووچاری دەبنەوە، تووشی راچڵەکین‌و شــۆکێکی ســۆزدارەکی توونـد ببن، کە ئەوەش هەندێــك کات دەبێتە هۆی ئەوەی خۆیان لەدەســتبدەن‌و پاشــان تووشــی گرێــی دەروونی دەبــن‌و وایان لێــدەکات ئەگــەر بۆماوەکیش بێت تووشــی گۆشــەگیری‌و رەشــبینی و نیگەرانی ببن ئەوەش لەلایەن خۆیەوە دەبێتەهۆی ناسەقامگیری ســۆزدارەکی)[٢]، ئەو ژن‌و تەنانەت پیاوانەش کە دووچــاری ئەم حاڵەتــە دەبنــەوە، متمانەیان بە رەگەزەکەی تر نامێنێت، نەوەك هەر ئەوە، بەڵکو تووشــی رق لێبوونەوەش دەبن لە رەگەزەکەی تر،

ئـــەوەش بەتایبەت بـــۆ ژنان دەبێتن. ناشـــێت ئـــەوە لەیادبکەین ژنان پێش شـــووکردن ڕۆڵی نێچیر دەبینن، بەڵام دوای ئەو کێشـــەی تەڵاق‌و بێوەمێردبوونـــە، پێچەوانـــە دەبنـــەوە، واتـــە دەبنە راوکەرو چاو بـــەدوای پیاوانێك دەگێڕن کـــە لـــە خۆیان نزیـــك بێت، واتە دەشـــێت پتر پیاوەکـــەش بێوەپیاو بێت. چونکە ئەوانە یەك ئازارو چەنـــدان پێکهاتـــەی دەروونی هاوبەش کۆیـــان دەکاتەوە. لە خۆشـــیدا (هاوســـەرگرتن پەسەندکردنی پێگەیەکی نوێیە) [٣] ، هەردوو رەگەزەکەی باســـکران ســـەرەرای ئـــەوەی ئەو پێگەیە نوێیەیان لەدەستداوە، لەهەمانکاتیشدا لـــە رووی کۆمەڵایەتیشـــەوە بەهایـــان لەکەدار بووە، چونکە کۆمەڵگـــەی کوردەواری بەردەوام وا لـــە ژنـــی بێوەمـــێرد (تەڵاقـــدراو) دەروانێ کە گوناهبـــاری یەکەمە، چونکـــە ( ژن دەبێت رووپاکی، ئاین پاك‌و کابان‌و مێرددۆست‌و داوێن پاك‌و شەرمن بێت‌و زماندرێژ نەبێت، ژنێکی لە خۆت بە حەییاوحیشمەتترت نەوێ، تاکو کچت دەســـتکەوێ بێوژن مەهێنە، بۆ ئەوەی جگە لە خۆشەویســـتی تۆ کەســـی دیکەی تێدا نەبێت و وابزانێـــت هەمووپیاوان وەکو یەکن‌و ئارەزووی پیاوێکی تر نـــەکات) [٤]، پێشـــوەخت گوناهبار کراوە بەوەی لە دوای تەڵاقدانی مێردی پێشووی لە دڵداماوەو خۆشـــیدەوێت. لێرەوەیە دیدگەی کۆمەڵگە ئەو پێگە نوێیـــەی کە ژنی بێوەمێرد بەدەســـتی هێنابوو لە پرۆســـەی هاوسەرگیری بـــۆی دەگۆڕێـــت بـــۆ پێگەیەکی لـــەرو و لات و تێکشکاو، وەك دەروونی کەسە دڵشکاوەکە خۆی. بـــەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا بێوەمـــێرد هەوڵدەدات لەبەرچـــاوی خەڵك خـــۆی شـــیرین بنوێنیت، بۆیە (مرۆڤ دەخوازێت بەشـــێوەیەك بکەوێتە بەرچـــاوی خەڵك کـــە بەرێز و پەســـەندبێت، ئەگـــەر خەڵکـــی رێزیـــان لـــە خەســـڵەتێکی دیاریکـــراو گرت، تاکـــی کۆمەڵگـــە هەوڵدەدات ئـــەو خەســـڵەتە لە خۆیـــدا بەرجەســـتە بکات بـــۆ ئەوەی شـــانازی پێوە بـــکات) [٥]. مارگرێت مێـــد پێیوایە ( هـــەر مرۆڤێـــك دوو دەروونی هەیە کە لەململانێـــدان، دەروونی کۆمەڵایەتی و دەروونی سروشـــتی، کەواتە هەموو مرۆڤێك دەیەوێت لەلایەك ملکەچی رێساکانی کۆمەڵگە بێـــت، لەلاکـــەی تریـــش دەیەوێت شۆڕشـــێك بەســـەریدا بەرپابـــکات) [٦]. کۆمەڵگـــە داوا لە کەســـی بێوەمێرد دەکات پابەند بێت بەو رێ و شـــوێنانەی بۆی دیاری دەکاتن‌و تا ئەو کاتەش چاوەرێبێـــت کـــە پیاوێکـــی تری بە قیســـمەت دەبێت، بـــۆ ئـــەوەش داوای دان بەخۆداگرتنی لێدەکەن، بۆیە لە نێوکوردان ئەوە باوە کە ژنی تەڵاقدراو پتر قســـەو عەیبەی لێدەوەشێتـەوە، بۆیـــە زۆرترین قســـەو چاودێری لەســـەر ژنی تەڵاقـــدراوە. ئـــەوەش وادەکات ململانێـــی دەروونی تووشـــی شـــیزۆفرینیاو گۆشەگیری لە دواکاتدا بکاتـــەوە. بێگومان ئەو لایەنە مادیەی شـــان بەشـــانی کاریگەری کۆمەڵگـــە کاردەکاتە ســـەر دەروونی ئـــەم بێوەمێردانە ســـرینەوەی نـــاوی پیاوەکەیەتی‌و بۆ ئەویـــش ژنەکەیەتی لەناســـنامەی باری کەســـی، چونکـــە هەردوولا لەژێر ســـێبەری یاســـا بـــە ئەرکی ســـرینەوەی ناوی یەکـــتر هەڵدەســـتن‌و بە ووشـــەیەکی تر پڕدەکرێنـــەوە،( ژنی هاوســـەردار لـــە کۆتایی نـــاوی خێزانەکـــەی، نـــاوی هاوسەرەکەیشـــی زیاددەکات) [٧]، ئەوەش ســـەرەرای لایەنێکی تر کە خۆی لـــەو دارایی و ســـامانە دەبینیەوە کە لەمەوبەر بە تەنها یا بەیەکەوە لە نێوان خۆیان بۆماڵەوە خەرجیـــان دەکرد، چونکە زۆرینەی ئەرکـــی دارایـــی ماڵـــەوە لـــە دەســـت ژن دایە (ژیانی هاوســـەرێتی کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی بچووکە، تیایدا داراییە بەدەستهاتووەکانی دوای هاوسەرگیری دەبێتە هاوبەش) [٨].

هەرچۆنێکـــی بێـــت، بێوەمێردبـــوون وبێوەژنبـــوون، دوو پرۆســـەی ویســـتراو یـــا نەویستراون، تیادا پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان‌و خـــودی پێگـــە خێزانـــی‌و کۆمەڵایەتیەکانـــی هـــەردوولا گۆڕانـــی دەروونـــی‌و ماتـــەری تێدەکەوێـــت، بێوەمـــێرد چـــاوی پڕدەبێـــت لە گەران‌و پشـــکنین‌و خوماربوون، ئەوەش بەهۆی شـــارەزابوون لە شـــتەکانی ئەمدیوی ژیانی باو، هەروەهـــا دووچاری بەســـەرخۆداخران دەبێت، لەهەمانکاتیشـــدا لـــە خەونـــی شەوانەشـــیدا بەتەنیـــاو بـــێ هەناســـەو چرپـــەی ئەویترێك دەمێنێتەوە، واتە پانتایی خەیاڵ‌و خەونەکانی فرەوانتردەکات، تەنانەت دەشێت بگاتە حاڵەتی ووڕێنەکردنیـــش‌و زۆرکاتیـــش بـــە یەکێـــك یـــا توونـــدی‌و پەشـــیمان نەبوونـــەوە، یاخود پێچەوانەکـــەی خـــۆی گرێـــدەدات، جا ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەســـێکی لاسارو دڵرەق یا میانرەوی لێدەربچێت، بەگشتی دەشێت باوەری بە پرۆســـەیەکی تر نەمێنێـــت، ئەگەر ئەوەی دوایشـــی ئەنجامدا دەشـــێت بـــەردەوام ترس‌و گومانی لـــە دووبارەبوونەوەی هەمان شکســـتی پێشووی ژیانی هاوسەری لەلا سەرهەڵبدات.

---

*سەرچاوەکان:*

*١ -وەردی، د. عـــەلی وەردی، کەســـێتیی تاکـــی عێراقی، و. محمد وەسمان ، ل ٣٢*

*٢ - المدخـــل الی علـــم الاجتمـــاع، تالیـــف مجموعـــة مـــن الباحثین، ص٣٣٠*

*٣ - موحســـینی، مەنوچێهـــر موحســـینی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و. رێبورا سیوەیلی، موراد حەکیم و....، ل٣٨١*

*٤ - هەمان سەرچاوەی (٣) ل ٣٨٢*

*٥ -وەردي، د.عەلی وەردی، واعیزەکانی ســـوڵتان، و. جەلال خەلەف ژاڵەیی، ٢٦*

*٦ - هەمان سەرچاوەی (١) ل ٤١*

*٧ - ســـەعدون، نایی بن ســـەعدون، مافەکانی ژن لەدەستپێکەوە تا ئەمرۆ، و. کارزان محمد ل ١٠٧*

*٨ - هەمان سەرچاوەی (٧) ل ١٠٨*